# ئەڵمانیا و سێکوچکەی قەیران



هەڵۆ بەرزنجەیی

لە هەنووکەدا سێ بابەتی سەیر و هەستیار شەقام و ماسمیدیای ئەڵمانی داگیر کردووە. پەنابەران و کێشەکانیان و پرسی ئینتگراسیۆن و دابڕکردنیان، کۆچبەران، بۆچوونێک مشتومڕی لەسەر دەکرێت،دەبێت ئەڵمانیا دەی ببێتە وڵاتی کۆچبەران و باسی سێیەمیش ڕاسیسیزم و شکستی ئینتگراسیۆن.
ئەڵمانیا بەو هەڵکەوتە جیوسیاسییەی هەیەتی لەناو دڵی ئەوروپادا و وەک چوارەمین بەهێزترین دەوڵەتی ئابووریی جیهان، لە مێژووی خۆیدا کەمجار وەک ئێستا لە قەیرانی وا سیاسی و دبلۆماسی لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهان کاتی بەسەر بردووە.

- لەگەڵ فەرەنسا، وەک گەورەترین وڵاتی دراوسێ و دۆستی ستراتیژیی لە یەکێتی ئەوروپا و گەلێ بواری دیکەی ژیان دا. لە هەنووکەدا لە سیاسەتی بەرگریی و سیاسەتی دراو دا کێشەی نێوان بەرلین و پاریس گەورەیە.
- ئەڵمانیا بۆ ڕزگارکردنی ئەوروپا، نایەوێت بیرۆکە نوێیەکانی پاریس/ ماکرۆن وەک خۆی قبوڵ بکات. ئاخر فەرەنسا هەمیشە دەست پێشخەر و ڕابەری بزافی سیاسی ئەوروپا بووە. ماکرۆن هەمیشە خاوەنی بیرۆکە و پێشنیاز و ئەجیندای مرۆییە بۆ ئەوروپا، هاوکات بۆ پیادەکردنی بەرنامەکانی پێویستی بە پشتیوانی سیاسیی و دارایی ئەڵمانیا هەیە. ئەڵمانیاش وا تێدەگات، کەوا چ فەرەنسا و چ بەشێکی تری جیهان چاویان بڕیوەتە گیرفانی وڵاتەکەی. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەڵمان بەوە ناسراون کە گەلێ بە پارێز و هەستیارن لە دەست برد بۆ گیرفانیان و گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی دارایی هیچ کەس و لایەک. ئاخر ئەڵمان هەر فێرە کەرەسەی تەکنەلۆژی بەرهەم بهێنێ و بیفرۆشێ و قازانج بکات و گیرفان و خەزێنەی پڕ بکات،نەک بە پێچەوانەوە دەست بکات بە گیرفانیدا. فەرەنسییەکان لەم بارەدا دەڵێن ئەڵمانەکان ئێمەیان بەهەڵواسراوی بەجێهێشتووە. بەتایبەتی دوای دامەزراندنی پیسکۆ و وەک بەرتەکێک بۆ زیاتر بەدەتهێنانی ئازادیی سیای و ەربازی و ئابووریی و ڕزگاربوون لە هەژموونی ئەمەریکا.
- لەگەڵ وڵاتی پۆلۆنیا وەک هاوسێیەکی گرنگی ئەڵمانیا و بوونی مێژوویەکی هەستیار لە نێوانیان دا. کێشەکەش بەرئەنجامی نزیکبوونەوەی ئەڵمانە لەگەڵ ڕووسیادا و لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندی پۆلۆنیا لەم مەیدانەدا. بەتایبەتی ڕاکێشانی بۆری گازی ڕووسیا، لەسەر هەژماردی بەرژەوەندی پۆلۆنیا و بالتیکPipeline Nord Stream٢
- لەتەک یەکێتی ئەوروپادا کە گوایە دەوڵەتێکی دیموکراس و یاسایی وەک ئەڵمانیا بۆ بەرژەوەندی خۆی پێشێلی بنەماکانی ڕێکەوتنی یەکێتی ئەوروپا دەکات. ئەمەش بەو واتایەی ئەڵمانیا لەهەوڵی ئەوەدایە هەرچی بوێ و بخوازێ و لەبەرژەوەندی بێت ئەوە دەکات. بێ ئەوەی گوێ بداتە بنەماکانی ڕێکەوتنامە و دەستوورەکەی برۆکسل. بۆ نموونە نزیک بوونەوە لە چین.
- لەگەڵ ئەمەریکا لە بواری بازرگانی و وزە و ناتۆدا کێشەی هەیە،چونکە ئەمەریکا داوای یارمەتی مادیی زیاتری بۆ ناتۆ لێ دەکات بۆ بواری بەرگری و دژی بازرگانیی ئەڵمانیایە لەگەڵ ڕووسیادا و دەڵێ پێویستە لەسەر ئەڵمان مەرجەکانی بازرگانی قبوڵ بکات. هەروەها گەرەکە ئەڵمانیا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەرکی زیاتر بخاتە ئەستۆیی و بە قورسایی ئابووریی و سەربازیی و یاسی خۆیەوە بێتە مەیدان و بەهیچ بیانوویەکی ڕووداوەکانی مێژووەوە خۆی نەدزێتەوە لە بەرپرسیارێتی. ئەمە لەسەر ئاتی ئەوروپا هەمان داخوازی فەرەنساشە.

بەشێکی ئەم باسانە بیرۆکەی ناو کتێبی نوێی نووسەری دیاری ئەڵمانیا Christoph von Marschall بەناوی: **ئێمە چی دیکە لە جیهان تێناگەین.**

ڕۆژنامەی تاگەشپیگل ئەم ناونیشانە یان بڕگەیەکی ئەم کتێبەی کردۆتە باس و بابەتێکی سەرنجراکێش و بەندەش هەمان بیرۆکەم کردۆتە هەوێنی ئەم وتارە.

لە دوای دیداری یاخود بانگهێشتنی پۆتین بۆ ئەڵمانیا و دیداری مێرکل لە ٢٠١٨/٨/١٧ دا، بەشێکی زۆری ئەم کێشانە سەریان هەڵدا و زەق بوونەوە. چونکە پۆتین داوا لەئەڵمانیا دەکات پەنابەرە سوورییەکان ڕەوانەی سوریا بکرێنەوە رووسیا خۆیشی ئامادەی هەموو هاوکارییەکە لەم مەیدانەدا. ئەم پێشنیازە لە نێوەندی حیزب و کەسایەتییە ئەڵمانییەکان دا ڕووبەڕووی شەپۆلێک لە ڕەخنەی توند بۆوە، چونکە ئەوانە پێیان وایە ئەم هەنگاوە کتومت دەکاتە هاوکاریی و پشتیوانی پێشکەشکردن بە ڕژێمی ئەسەدی خوێناوی و بکوژی هەزاران هەزار کەس. هاوکات بەێکی زۆر لە دۆستەکانی ڕۆژئاوایان بەتایبەت بەم پلان و نەخشەیە ڕازی نییە. ئەمە دیوێکی سیناریۆکەیە، چونکە رووسیا باش دەزانێ ئەسەد پێویستی بەیارمەتییە و دەبێت پەناهەندەکان بگەڕێنەوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات. سووریاش ئامانجی هاتۆتەدی ، کە لە ٣٠ ملیۆن سووری ١٠ ـ١٥ ملیۆنی باشی بەدڵی خۆی بۆ بمێنێتەوە هەر قازانجێتی.

بەندە باوەڕی وایە کەوا بە شەپۆل ڕەوی خەڵکی سووریا بۆ پەنابەری لە ئەورووپا، هەر لەسەرەتاوە سیاسەت و ستراتیژێک بوو، خودی رووس ئەندازیار و نەخشەی بۆ کێشا بوو ، ئەسەدیش جێبەجێی کرد. ئەمەش مانای وانییە،خەڵکێک نییە بیەوێت لەو شەڕە هەڵ بێت و یاخی بێت،نەخێر ئاخر ئەو رۆژانە واتە پێش ٣-٤ لەمەوبەر ڕۆژانە لە سوریا نزیکەی ٣٠٠٠ هەزار پەساپۆرت بۆ هاوڵاتی سووری دەردەهات. ئەمەش بووە ریکۆردی گەورە لە دەوڵەتێکی پۆلیسی وەک سووریادا . سووریا لەم رێگایەوە داهاتێکی باشی دەست کەوت و هەر هاوڵاتییەکیش توانی پەساپۆرت بە ئاسانی بەدەست بهێنێ و بە سانایش بەرەو ئەورووپا ملی رێگا بگرێتە بەر . ئاخر بەشێوەیەکی زۆر خێرا و سەیر ، سوریا دەرگای بەدەست هێنانی پەساپۆرتی کردەوە و سەرسورهێنەرانە دەرفەتی ڕۆیشتنی خەڵکی فەراهەم کرد.ئامانجی رووسیاش لەم پلان و نەخشیە، سەرقاڵکردنی ئەورووپا بوو بە کێشەیەکی نوێوە، تاوەکو ئەو گوشارە توند و هەڕەشانەی لەسەری دروست بوون، بە بۆنەی شەڕ و کێشەکانی داگیرکردن و هەرا لە قریم و ئۆکرانیا لەبیر جیهان بەتایبەت ئەورووپا بەرێتەوە.

من لەم میانەدا، تەنها تیشکێک دەخەمە سەرباسی سیاسەتی پەنابەریی ئەڵمانیا، ئێستا بارودۆخ سەبارەت بە پەنابەر بەجۆرێکی تر وەرسووڕاوە. ئەڵمانیا پێشوازی لە ژمارەیەکی زۆر کرد و تا ماوەیەکی باش دەرگای سنوورەکانی بە واڵایی بۆیان هێشتەوە. لەم ڕێگایەوە ژمارەکی زۆر و بەرچاو لە پەنابەر بەتایبەتووری هاتنە ئەڵمانیا . ئەم هەڵوێستەی حکومەتی مێرکل، بووە کێشە بۆ ناوخۆی ئەڵمانیا و تەواوی ئەندامانی یەکێتی ئەورووپا.




بەپێی سەرژمێرییەک ٤٣% ئەوەی هاتۆتە ئەڵمانیاوە تەمەنیان لە خوار ١٥ ساڵییەوەیە.کە بەتێکڕا زیاتر ٩٦% لە خوار ٤٠ ساڵییەوەن. ئەمەش دەستکەوتێکی مرۆییە گەورەیە،بۆ وڵاتێ ڕێژەی منداڵیزۆر کەمە و بە هەزاران هەزار دامودەزگا و سیاسەتی خۆی هەیە، زۆرینەی ئەمانە بکاتە کوری دەوڵەت، یاخود لە بازاری کارکردن دا بیانخاتە گەڕ بۆ پڕکردنەوەی ناتەواوییەکانی خۆیان.
ڕەنگە لە پەڕاوێزی هەبوونی ئەم هەموو بێگانەیەدا، جارجار لێرە و لەوێ ڕووداوی نابەجێ و ناخۆ ڕوو بدات،لێ ئەمە هیچ لە بایەخ و سەنگی سیاسەتی ستراتیژی ئەڵمانیا کەم ناکاتەوە. بە کورتی و کرمانجی لەم مامەڵەیەدا، هەر ئەڵمان براوەیە. هەڵبەت ناکرێ بڵێین هەستی مرۆدۆستی و کاریی مرۆیی لەناو ئەڵمان دا نییە، یاخود ئەڵمان شتی وای لەدەست نایەت،لێ بە هەموو خوێندنەوە و پێوەرێک ئەم خاڵە تەواو کز و سست و لاوازە.




هاتۆتە ئەڵمانیا لە نێو ئەوانەدا بەپێی ئەم ڕێژەیە تەمەنەکان دیاریی کراون
ئەڵمان وڵاتێکە دوای یابان مەیلی دژە منداڵیان هەیە هەر خەریکی فێربوون و کارکردنن. بەهۆی پەنابەرانەوە باری ئابووریان زۆر پوژاوەتەوە و قازانجی ساڵانەیان زیادی کردووە لە هەمووی گرنگتر نەوەی ئێستای ئەڵمان ئەوەی لە ژیان دا ماون ، زۆرینەیان نەوەی سەردەم و پاش جەنگن و پیر و پەککەوتە بوون و پێویستیان بە خزمەتە . ئەوەتا حکومەتی مێرکل لە وڵاتێکی وەک ئەلبانیاوە خەڵک دێنن بۆ خزمەتیان بە ئیمتیازێکی زۆر گران . زۆر پیشە لە فەوتان ڕزگاری دەبێت چونکە منداڵی ئەڵمان

لەئاستێکی تردایە و هەر خەریکی خوێندنی زانکۆ و باڵاترن.بازاڕی ئیش بە گەرمی پوژاوەتەوە و لەدوای یەکگرتنەوەی ئەڵمانیاوە،سەردەمی وا زێڕین نەهاتۆتە ئاراوە.
لەلایەکی ترەوە پەنابەر دیپۆرت دەکەنەوە. بەتایبەت بۆ ئەلبانیا و کۆسۆڤۆ و مەکەدۆنیا و ئەفغانستان و گەلێ لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، لەگەڵ ئەوەشدا کەوا فێری زمان بوون و لە هەوڵی خۆ دامەزراندن دا. لەڕاستی دا،کەس سەر لەم سیاسەتە دووفاقییە دەرناکات. وەک باسی دەکەن ئەوەی مافی مانەوەی پێ دەبەخشن، گەرەکە فێری زمان بوو بێت و بێت و خەریکی کار بێت و باج بدات و خۆی دامەزراند بێت ، دەنا ئەوانی تر هەموو ڕەوانە دەکەنەوە. واتە پەنابەران لە بێژنیان دەدەن و باش بۆ خۆیان گل دەدەنەوە و تەمەڵ و تەوەزلەکان بۆ دەرەوە و ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون یاخود بۆ ئۆردوگاکانی بولگاریا و ئەلبانیا و ئیسپانیا. کەواتە ئەوە بەسەرچوو،خەڵک بیەوێ لەسەر سۆیال بژی. پەنابەرانیش هەموو بۆ ئەوەی مافی مانەوە وەرگرن، دەست بەکار بوون. بەشێکی کەمی خۆی سەرمایەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و لێرە خزمەتگوزاری دەکات، بەتابەت لە بواری چێشتخانە و کردنەوەی دووکانی شیرەمەنی فرۆشتن دا. ئەوی تریشی ناچارا هەر کارێکی پێ بسپێرن ،با بواری خۆیشی نەبێت،گەرەکە بیکات.
ئەڵمان چاویان بڕیوەتە سامانە مرۆییەکە، بۆ خۆشگوزەران کردنی ژیانی خەڵکی خۆیان و هەڵبژاردنی باشەکان بۆ بازاڕی کاری ناوخۆیان. سەر وەختێ سەرقاڵی چاپکردنی ئەم بابەتە بووم، میدیاکان ڕاگەیاندنێکی نوێیان بلاوکردەوە، کە گوایە پێویستە پەنابەر بۆ ساڵێک خزمەتی بکات، لەبواری خزمەتگوزاری گشتی یاخود لە وەزارەتی بەرگریدا.
ئەمە ناوڕۆکی سیاسەتی وەرگرتنی پەنابەرە، با بەشێکی گچکەشی پەیوەندی بە هەستی مرۆیی و ڕێزگرتن بێت لە مافی مرۆڤ و گوزەراندنی ژیانی ڕاستەقینە بێت لەسایەی سیستەمە دیموکراسییەکان دا،ئەڵمانیا بە نموونە .

بەڵام لە بنەڕەتدا ماستەکە بێ موو نییە.

٢٠١٨/٨/٢٨